# فەرموودەی شەفاعەت

لە حوزەیفەی کوڕی یەمان وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە خەڵکی کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئیمانداران هەڵدەستن هەتا بەهەشت لێیان نزیک دەکرێتەوە، دێن بۆ لای ئادەم -علیه السلام- دەڵێن: ئەی باوکمان داوای کردنەوەی دەرگای بەهەشتمان بۆ بکە، ئادەم دەڵێت: هیچ شتێک ئێوەی لە بەهەشت دەرکرد مەگەر گوناهەکەی باوکتان نەبێت؟ من ناتوانم ئەو داوایە بکەم، بچن بۆ لای ئیبراهیمی کوڕم -علیه السلام- خەلیلی الله، خەڵکی دەچن بۆ لای ئیبراهیم، وئیبراهیم دەڵێت: من ناتوانم ئەو داوایەتان بۆ بکەم من خەلیل بووم بەڵام پلەم لە دوای پلەی ئەوانی ترەوەیە، بڕۆن بۆ لای موسا کە خوای گەورە بە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ کرد، خەڵکی دەچن بۆ لای موسا -علیه السلام-، بەڵام موسا دەڵێت: من ناتوانم ئەو داوایەتان بۆ بکەم، بچن بۆ لای عیسا -علیه السلام- ئەو (وشە وڕۆحی الله)* یە، عیسا دەڵێت: من ناتوانم ئەو داوایەتان بۆ بکەم، بچن بۆ لای موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- بۆیە هەڵدەستێت وئیزن ومۆڵەتی پێدەدرێت، سپاردە (متمانە) و ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) دەنێردرێن بۆ ئەوەی لە لای ڕاست وچەپی (پردی سیرات) بووەستن، کۆمەڵەی یەکەم لە ئێوە بەسەریدا تێپەڕ دەبن وەکو بروسکە» گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: باوک ودایکم بە قوربانت بێت، تێپەڕ بوون لەسەر (پردی سیرات) وەکو بروسکە وەکو چی وایە؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا نەتبینیوە بروسکە چۆن دێت ونامێنێت لە چاو تروکانێکدا، پاشان کۆمەڵێکی تر وەکو خێرایی با دەپەڕنەوە، پاشان کۆمەڵێکی تر وەکو خێرایی باڵندە دەپەڕنەوە، پاشان کۆمەڵێکی تر بە ڕاکردن کە کردەوەکانیان وایان لێدەکەن بەم شێوە تێپەڕ ببن. وپێغەمبەرەکەتان -صلی الله علیه وسلم- لەسەر (پردی سیرات) ڕاوەستاوە دەڵێت: (ئەی پەروەردگار ڕزگارمان بکە وبمانپارێزە، ڕزگارمان بکە وبمانپارێزە)! هەتا کردەوەکانی کۆمەڵێک ناتوانن یارمەتیدەریان بن بۆ پەڕینەوە، بۆیە پیاوی وا دێت لەسەر سکی تێپەڕ دەبێت، ولە هەردوو لاکانی (پردی سیرات) قولاپی هەڵواسراو هەیە، فەرمانیان پێکراوە بە گرتن وڕاکێشانی ئەوانەی فەرمانیان لەسەر دراوە بە ڕاکێشانیان (بۆ ناو دۆزەخ)، کەسی وا هەیە بە ئازار وبرینداربیەوە ڕزگاری دەبێت، بەڵام کەسانی تر هەیە کە فڕێ دەدرێنە نێو دۆزەخ». ئەبوهورەیرە دەڵێت: «سوێند بە ئەو زاتەی نەفسی ئەبو هوریرەی بە دەستە، قوڵی دۆزەخ حەفتا ساڵە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە خەڵکی کۆدەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لێپرسینەوە وپاداشتدانەوە بۆیە ئیمانداران هەڵدەستن هەتا بەهەشت لێیان نزیک دەکرێتەوە، ودەرگای بەهەشتیان بۆ ناکرێتەوە بەهۆی زۆری ماوەی وەستان لە رۆژی قیامەتدا، خەڵکی دەچن بۆ لای ئادەم -علیه السلام- بۆ ئەوەی داوا لە خودا بکات بۆ ئەوەی دەرگاکانی بەهەشت بکرێتەوە، پێغەمبەر ئادەم وەڵامیان دەداتەوە بەوەی ئەو ناتوانێت ئەو داوایە بکات؛ چونکە ئەو گوناهێکی کردووە کە هۆکاری دەرچوونی هەموویان بوو لە بەهەشت، دەیاننێرێت بۆ لای پێغەمبەر ئیبراهیم -علیه السلام-؛ چونکە خەلیلی خودایە وخەلیلی واتە ئەوپەڕی پلەی خۆشەویستی، بۆیە خەڵکی دەچن بۆ لای ئیبراهیم پێیان دەڵێت: من ئەو پلە بەرزەم نیە کە ئەو داوایە بکەم (ئەمیش وەکو دەربڕینی سادەیی -تواضع-) لە لایەن پێغەمبەر ئیبراهیمەوە -علیه السلام- ودەڵێت: بچن بۆ لای موسا؛ چونکە خوای گەورە بە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ ئەو کرد، بۆیە خەڵکی دەچن بۆ لای پێغەمبەر موسا -علیه السلام- پێیان دەڵێت: من ناتوانم ئەو داوایەتان بۆ بکەم، بچن بۆ لای عیسا؛ چونکە خوای گەورە بە وشەیەک ئەوی دروستکرد، (کلمة الله و روح الله)* یە، خەڵکی دەچن بۆ لای پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- پێیان دەڵێت: من ناتوانم ئەو داوایەتان بۆ بکەم، بۆیە دەچن بۆ لای پێغەمبەرمان موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- وداوای لێدەکەن کە داوا لە خودا بکات کە لێپرسینەوەیان بەرپا بکات ودەرگای بەهەشتیان بۆ بکاتەوە، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- داواکەیان جێبەجێدەکات وداوای ئیزن وەرگرتن دەکات وئیزنی پێدەدرێت، بۆیە [سپاردە (متمانە) و ڕەحم

(پەیوەندی خزمایەتی)] دێن لە هەردوو لای (پردی سیرات) ڕادەوەستن، کە ئەمیش پردێکی لەسەر دۆزەخ دانراوە. وخەڵکی بەسەریدا تێپەڕ دەبن بە گوێرەی کردەوەکانیان. ئەوانەی لەم دونیایەدا بە خێرا بوون بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاکە بە خێرایی بەسەریدا تێپەڕ دەبن وبە پێچەوانەشەوە. هەندێک ڕزگاریان دەبێت وهەندێک تر دەکەونە ناو دۆزەخەوە. حەفتا ساڵ دەخایەنێت هەتا بگەیتە قوڵی بنی دۆزەخ، خوای گەورە هەموومان بپارێزێت. *(مەبەست لە -كلمة الله- واتا وشەی خودایە، و -روح الله- واتا ڕۆحێکە لە لایەن خوداوە، کە خوای گەورە بە وشەیەک ڕۆحی دروستکرد لە ناو سکی مەریەمدا -عليها السلام-، بۆیە وەکو ڕێزلێگرتنێک بۆی نازناوی -كلمة الله و روح الله-ی پێبەخشراوە، وهەروەکو مرۆڤەکانی ترە بەڵام بە بێ باوک لە دایک بووە وئەمە هیچ مانای ئەوە نییە کە کوڕی خودایە پەنا بە خودای بێ شەریک وبێ هاوتا، هەروەکو بانگەشەی نەسڕانیە موشریکەکان هەندێکیان بەهۆی ئەوەی باوکی نەبووە بە عیسا دەڵێن: (کوڕی خودایە) ئەگەر وا بێت خۆ ئادەم -عليه السلام- بە بێ باوک وبە بێ دایک خوای گەورە بە دەستەکانی خۆی دروستی کرد، ئایا بۆ بە ئەو ناڵێن کوڕی خودا؟ تەنها بانگەشەیەکی پوچ وبێ بنەمایە لە لایەن نەسڕانیەکان وهاوشێوەکانیانەوە لە موشکریکەکان لەوانەی بانگەشەی بوونی کوڕ دەکەن بۆ خوای گەورە، بەڵکو -ئەمە ئەوپەڕی کوفر وشیرک ودەرچوونە لە ڕێبازی ڕاستی یەک خوا پەرستی -تەوحید)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5865

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee